کوردستان

ئەکادیمیای زانستی کوردی

توێژینەوەی ژمارە : ١

توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر

# جگەرەکێشان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا

ساڵی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢١

ماوەی خایەندراو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە : ٢ ساڵ (٢٠٢٠ و ٢٠٢١)

جۆری توێژینەوە : ڕاپرسی

شێوازی نوسینی سەرچاوە : هارفەرد

شێوازی داتاکان : خشتە و شێوە

شێوازی ڕاپرسی : مەیدانی و ئەلکترۆنی

سنووری ڕاپرسی : باشوری کوردستان

# پوختە

خەڵکێکی زۆر ئاڵوودەی جگەرە کێشان بوون بەشێوەیەک کە ناتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری ببن ، سەرەڕای هۆشداریە بەردەوامەکانی تەندروستی لە مەترسی جگەرە کێشاندا بەڵام بەپێی ئاماری ساڵانە ڕێژەی جگەرە کێشان لە زیادبووندایە ، ئەم تویژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە لێبکۆڵێتەوە لە ڕێژە و هۆکاری جگەرەکێشان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ، تویژینەوەیەکی مەیدانی و ئەلکترۆنی لەسەر جگەرەکێشان بە بەشداری (٤٩٤) کەس ئەنجامدراوە ، کە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەشداریان تێداکردووە لە هەردوو ڕەگەزدا ، نیشاندەری ئەوەیە کە جگەرەکێشان لەناو چینی گەنج و هەرزەکاردا بەربڵاوە و بەتایبەت لەناو خوێندکاراندا ، زۆربەی ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن لە تویژینەوەکەدا لە تەمەنی هەرزەکاریدان ، ڕێژەی جگەرە کێشان لەم تویژینەوەیەدا بریتیە لە (١٩.٨٪) ، جگەرە کێشان لەناو ڕەگەزی نێردا زۆر زیاتر بوو وەک لە ڕەگەزی مێ بە نزیکەی (٢٣) ئەوەندە .

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | لاپەڕە (٣) |
| پێداچوونەوە | لاپەڕە (٤) |
| شێوازی توێژینەوە | لاپەڕە (٦) |
| شیکردنەوەی ئەنجامەکان | لاپەڕە (٢٤) |
| دەرئەنجام | لاپەڕە (٢٦) |
| سەرچاوە | لاپەڕە (٢٧) |
| پاشکۆ | لاپەڕە (٢٩) |

## پێشەکی :

**جــگەرە کێشــان بــووەتە دیــاردەیەکی زۆر بــاو لەنــاو کــۆمەڵگەدا ، بەشــێوەیەک کە چینــی خوێنــدکار و هەرزەکـــار و تەنـــانەت منداڵەکانیشـــی گرتـــووەتەوە ، ســـەرەڕای ئەوەی هۆشـــداری دراوە بە خەڵــک بــۆ دوورکەوتنەوەیــان لە جــگەرە کێشــان ، بەڵام هەتــا دێــت ڕێــژەی ئـــاڵوودەبووان زیــاد دەکـــات ، کەســـانی ئـــاڵوودەبووش بەبـــێ گوێـــدانە زیـــان و نەخۆشـــیە تەندروســـتیەکانی لە دەرئەنجـــامی کێشـــانی جـــگەرەوە پەیـــدا دەبێـــت بەردەوام دەبـــن لەســـەر ئەم ئـــاڵوودەبوونە ، هەنــدێک لە هەوڵــدان بــۆ وازلێهێنــان لێــی شکســت دەهێــنن و هەنــدێکیش ڕێگــا جۆراوجۆرەکــان تــاقی دەکەنەوە بــۆ زاڵبــوون بەســەری و وازهێنــان لە کێشــانی جــگەرە ، لەم تــوێژینەوەیەدا کە ئەکادیمیـــای زانســـتی کـــوردی ئەنجـــامی داوە بەشـــێوەی مەیـــدانی و ئەلکترۆنـــی ، توانیـــویەتی کـــۆمەڵە داتـــایەک بخـــاتە ڕوو ، بە ڕاپرســـی تەمەنە جیـــاواز و ڕەگەزە جیـــاواز و چیـــنە جیاوازەکان.**

## پێداچوونەوە :

لە جیهانی ئەمڕۆدا ، توتن بە هۆکارێکی سەرەکی مردن دادەنرێت ، هۆکاری سەرەکیە بۆ نەخۆشیەکانی وەک شێرپەنجەی سیەکان و داخرانی بۆریەکانی هەوا و نەخۆشیە درێژخایەنەکان و نەخۆشیەکانی دڵ [1] ، هەروەها یەکێکە لە هۆکارەکانی توشبوون بە شێرپەنجەی دەم [2] ، شێرپەنجە بووەتە نەخۆشیەکی جیهانی ، ساڵانە زیاتر لە ١٥ ملیۆن حاڵەتی نوێ دەستنیشان دەکرێت کە نزیکەی نیوەی ئەم حاڵەتانە هۆکاری مردنەکەی شێرپەنجەیە [3] ساڵانە ٩ ملیۆن کەس دەمرێت بەهۆی توتنەوە [4] بەپێی خەمڵاندنەکان ، لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٣٠ ، مردن بەهۆی جگەرە کێشانەوە دەگاتە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کە ٧٠٪ یان لە وڵاتە پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکان دەبن [5] ، بەپێی توێژینەوەیەک لە نەخۆشخانەی هیوا بۆ شێرپەنجە کە ١١٣ نەخۆش ، کە ٥٤ نێر (٤٧.٨٪) و ٥٩ مێ (٥٢.٢٪) بوون بەشداریان تێدا کردووە ، لە ناو ڕەگەزی مێ دا تەنها (٤) کەس (٦.٨٪) و لەناو ڕەگەزی نێردا (١١) کەس (٢٠.٤٪) جگەرە کێش بوون [6]


بە پێی توێژینەوەیەک لەسەر شەش خوێندنگای خوێندکارانی ئامادەیی کوڕان لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵی ٢٠١٥ بە بەشداری ٤٧٠ خوێندکار ، کە تەمەنی خوێندکارەکان لەنێوان (١٤ – ١٧) ساڵ بوو ، دەریخستووە کە ٢١ خوێندکار (٤.٧٪) ڕۆژانە جگەرە دەکێشن ، ٣١ خوێندکار (٣٤.٧٪) لە ٣٠ ڕۆژی پێشوودا جگەرەیان کێشاوە ، ١٦٣ خوێندکار (٣٤.٧٪) بۆ جارێکیش بێت جگەرەیان تاقی کردۆتەوە ، (٥٣٪) ی خوێندکارەکان هاوڕێیان هەبووە کە جگەرە کێش بووە ، (٦.٢٩٪)ی خوێندکارەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە لەناو خێزانەکانیاندا کەسانی جگەرەکێش هەیە بە ڕێژەی (٨٠٪) باوک و (١٨٪) برا و (٢٪) دایک [7]، ئەو خوێندکارانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە بە ڕێژەیەکی بەرزتر جگەرەکێشیان تێدایە [8] ، بەپێ توێژینەوەیەکانی ناو چینی پزیشکان ، تێکڕای جگەرە کێشان لە ڕۆژێکدا ١١ جگەرە بووە لە سعودیا [9] ، لە ئوردن ١٩ جگەرە لە ڕۆژێکدا [10] ، لە شاری سلێمانی دا جگەرەکێشان لەناو پزیشکان لە ئاستێکی بەرزدا بووە و ڕێژەیەکی کەمیان ڕاهێنانی پێکراوە بۆ وازهێنان لە جگەرە کێشان [11]

**به پێـی تـوێژینەوەیەک لە پارێزگـای کوردسـتان (پارێزگـای سـنە) لە سـاڵی ٢٠٠٥ بە بەشـداری ئەو کەسـانەی تەمەنیـان لەنێـوان ١٥ بـۆ ٦٤ سـاڵدایە کە ٢٤٦٨ کەس بـوون ، دەرکەوتـووە کە (٧٧.٦٪) یـان جـگەرە کـێش نەبـوون ، (١٦.٤٪) جـگەرە کێشـی چـالاک بـوون ، (١.١٪) جـگەرە کێشـی ناچـالاک بـوون ، (٤.٩٪) پێشـتر جگەرەیـان دەکێشـا ، ڕێـژەی جـگەرە کێشـان لە نێـوان تەمەنـی ٢٥ بـۆ ٦٤ سـاڵیدا بەرزتربـوو لەچـاو ئەوانەی تەمەنیـان گەنجتـر بـوو ، ڕێـژەی ناوەندی جگەرە کێشان لە ڕۆژێکدا ١٤ جگەرە بوو [12]**

**بەپێـی تـوێژینەوەیەک لەسـەر زانکۆکـانی دهـۆک ، کە ٢٢٢٥ کەس بەشـداریان تێـدا کـردووە ، دەرکەوتـووە کە ٥٢٢ کەس (٢٣.٥٪) جگەرەکێشـن و ١٧٠٣ کەس (٧٦.٥٪) جـگەرە کـێش نـین ، لە ڕووی تەمەنەوە لەنـاو جـگەرە کێشـەکاندا تەمەنـی بـاو ٢٣ سـاڵ بـووە کە ڕێـژەی (٣٠.١٪) پێکـدەهێنێت ، لە ڕووی ڕەگەزەوە لەنـاو جـگەرە کێشـەکاندا ڕەگەزی نێـر ٤٤٣ کەس (٤١.٩٪) پێکـدەهێنن و ڕەگەزی مـێ ٧٩ کەس (٦.٨٪) پێکـدەهێنن ، لە ڕووی بـاری کـۆمەڵایەتیەوە لەنـاو جـگەرە کێشـەکاندا (٢٣.٣٪) سـینگڵ و (٢٥.١٪) خێزانـدار پێکـدەهێنن ، زۆربەی خوێنـدکارە بەشـداربووەکان زانیاریـان نەبـووە لەسـەر لایەنە خـراپ و مەترسـیدارەکانی جگەرە کێشان و کاریگەریەکانی لەسەر تەندروستی [13] .**


## شێوازی توێژینەوە :

فۆرمێک ئامادە کرا تێیدا کۆمەڵە زانیاریەک خرایە ڕوو ، کە نمونەی فۆرمەکە لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە ، سەرجەمی بەشداربووان لەم توێژینەوەیەدا بریتیبوون لە (٤٩٤) کەس کە (٢١٥) کەس (٤٣.٥٪) لە ڕەگەزی مێ و (٢٧٩) کەس (٥٦.٤٪) لە ڕەگەزی نێر بەشداریان تێداکرد ، بەم شێوەیە :




شێوەی ژمارە (١)

وەک لە شێوەی ژمارە (١) نیشاندراوە ، بەشداربووان هەردوو ڕەگەزی لەخۆ گرتووە بۆ ئەوەی بەراوردی ئاستی ئاڵوودەبوون بە جگەرە بکرێت لەناو هەردوو ڕەگەزدا ، فۆرمی بەشداربووان بە دوو شێوە بەردەست بوو کە یەکێکیان فۆرمی مەیدانی بوو و لە دوو خوێندنگا بەشداری تێدا کرا ، یەکێکی تریشیان فۆرمی ئەلکترۆنی بوو کە ڕێژەی بەشداربووان لەم فۆرمەیاندا زۆر زیاتر بوو لە بەشداربووانی فۆرمی مەیدانیەکە




**شێوەی ژمارە (٢)**

**وەک لە شێوەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێدراوە شێوەیەکیان مەیدانی بوو کە دابەشکرا بەسەر خوێندکارانی (پۆلی ١٠ ی ئامادەیی کۆساری کوڕان) کە بەشداربووان تەنها لە ڕەگەزی نێر بوون و ژمارەیان ٧٣ خوێندکار بوو ، هەروەها خوێندکارانی (قۆناغی یەکەمی پەروەردەی فیزیای زانکۆی سلێمانی) کە (٣٦) خوێندکار بوون و بەشداربووان هەردوو ڕەگەزی لەخۆ گرتبوو ، ژمارەی گشتی بەشداربووانی فۆڕمی مەیدانی بریتی بوون لە (١٠٩) کەس ، کە (٢٧) کەسیان (٢٤.٧٪) مێ بوون و (٨٢) کەسیان (٧٥.٢٢٪) نێر بوون وەک لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە**

**خشتەی ژمارە (١)**

| | |
|---|---|
| ژمارەی گشتی بەشداربووان لە فۆڕمی مەیدانی | ١٠٩ کەس |
| ژمارەی بەشداربووانی خوێندنگای کۆساری کوڕان | ٧٣ خوێندکار<br>٦٦.٩ ٪ |
| ژمارەی بەشداربووانی<br>قۆناغی یەکەمی<br>پەروەردەی فیزیای<br>زانکۆی سلێمانی | ٣٦ خوێندکار<br>٣٣.١ ٪<br>٢٧ مێ (٧٥٪)<br>٩ نێر (٢٥ ٪) |
| ژمارەی گشتی بەشداربوو لە ڕەگەزی مێ | ٢٧ کەس ( ٢٤.٧٧٪) |
| ژمارەی گشتی بەشداربوو لە ڕەگەزی نێر | ٨٢ کەس (٧٥.٢٣ ٪) |

شێوەیەکی تری فۆڕمی بەشداربووان بە شێوەی ئۆنلاین بەردەست بوو کە بەشداربووان لە ڕێگای (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، کۆرس و سیمینارە ئۆنلاینەکان ) بەشداریان تێدا کردبوو ، ژمارەی گشتی بەشداربووان لە فۆڕمی ئەلکترۆنی بریتی بوو لە (٣٨٥) کەس بوو ، کە پێکهاتبوو لە ١٨٨ کەس لە ڕەگەزی مێ و ١٩٧ کەس لە ڕەگەزی نێر وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێدراوە

**خشتەی ژمارە (٢)**


| ژمارەی گشتی بەشداربووان  لە فۆڕمی ئەلکترۆنی | ٣٨٥ کەس |
|---|---|
| ڕەگەزی نێر | ١٩٧ کەس<br>٪ ٥١.١ |
| ڕەگەزی مێ | ١٨٨ کەس<br>٪ ٤٨.٩ |

**سنووری تەمەنی بەشداربووان لە توێژینەوەکەدا بە گشتی لە ڕەگەزی نێر و مێ دا لە خشتەی ژمارە (٣) نیشان دراوە :**

**خشتەی ژمارە (٣)**

| لە ڕەگەزی نێر دا | |
|---|---|
| بچوکترین تەمەنی بەشداربوو | ١٥ ساڵ |
| باوترین تەمەنی بەشداربوو | ١٦ ساڵ |
| گەورەترین تەمەنی بەشداربوو | ٦١ ساڵ |
| لە ڕەگەزی مێ دا | |
| بچوکترین تەمەنی بەشداربوو | ١٤ ساڵ |
| باوترین تەمەنی بەشداربوو | ٢٠ ساڵ |
| گەورەترین تەمەنی بەشداربوو | ٦٣ ساڵ |


**لە وەڵامی پرسیاری (ئایا جگەرە دەکێشیت ؟) بە گشتی وەڵامدانەوەکە بەم شێوەیە بوو :**




**شێوەی ژمارە (٣)**


**وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (٣) دەرکەوتـــووە ، ڕێـــژەی (٪٢٠) کە دەکـــاتە (٩٨) کەس بە بەڵـــێ وەڵامیـــان داوەتەوە ، ڕێـــژەی (٪٨٠) کە دەکـــاتە (٣٩٦) کەس بە نەخێـــر وەڵامیـــان داوەتەوە ، بەپێی ڕەگەز ئەگەر ئەم ڕێژانە دابەش بکەین بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت :**

ئەو کەسانەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتە بە پێی تەمەن و ڕەگەز بەم شێوەیە بوو :




**شێوەی ژمارە (٤)**


**وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (٤) نیشـــان دراوە ، ئەو بەشـــداربووانەی لە ڕەگەزی نێـــرن و بە نەخێـــر وەڵامیان داوەتەوە تەمەنیان لە نێوان (١٥) بۆ (61)ساڵدایە**




**شێوەی ژمارە (٥)**


**وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (٥) نیشـــان دراوە ، ئەو بەشـــداربووانەی لە ڕەگەزی مـــێن و بە نەخێـــر وەڵامیان داوەتەوە تەمەنیان لە نێوان (١٤) بۆ (٦٣) ساڵدایە**

**ئەو کەسانەی بە بەڵێ وەڵامیان داوەتە بە پێی تەمەن و ڕەگەز بەم شێوەیە بوو :**




**شێوەی ژمارە (6)**

**وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (6) نیشـــان دراوە ، ئەو بەشـــداربووانەی لە ڕەگەزی مـــێن و بە بەڵـــێ وەڵامیان داوەتەوە تەمەنیان لە نێوان (١٩) بۆ (٢٥)ساڵدایە**





**شێوەی ژمارە (٧)**

**وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (٧) نیشـــان دراوە ، ئەو بەشـــداربووانەی لە ڕەگەزی نێـــرن و بە بەڵـــێ وەڵامیان داوەتەوە تەمەنیان لە نێوان (١٥) بۆ (٥٢) ساڵدایە**

**ئەگەر ئەم وەڵامدانەوانەش دابەش بکەین بۆ فۆڕمی ئەلکترۆنی و مەیدانی ، ڕێژەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن :**


**لە فۆڕمی مەیدانی ، وەڵامدانەوەکە بەم شێوەیە بوو :**




**شێوەی ژمارە (٨)**

**وەک لە شێوەی ژمارە (٨) نیشاندراوە ، (١٦٪) کە دەکاتە (١٧) کەس وەڵامیان داوەتەوە بە بەڵێ ، (٨٤٪) کە دەکاتە (٩٢) کەس وەڵامیان داوەتەوە بە نەخێر**

لە فۆڕمی ئەلکترۆنی ، وەڵامدانەوەکە بەم شێوەیە بوو :




شێوەی ژمارە (٩)

وەک لە شـــێوەی ژمـــارە (٩) نیشـــاندراوە ، (٢١٪) کە دەکـــاتە (٨١) کەس وەڵامیـــان داوەتەوە بە بەڵـــی ، (٧٩٪) کە دەکـــاتە (٣٠٤) کەس وەڵامیـــان داوەتەوە بە نەخێـــر ، ئەگەر ئەم داتـــایە بە گشتی بگۆڕین بۆ خشتە ، وەک خشتەی ژمارە (٤) دەبێت

خشتەی ژمارە (٤)

| | |
|---|---|
| ژمارەی گشتی بەشداربووان | ٤٩٤ کەس |
| جگەرە دەکێشیت ؟ | |
| بەڵێ | نەخێر |
| ٩٨ کەس<br>١٩.٨٪ | ٣٩٦ کەس<br>٨٠.٢٪ |

لە وەڵامــی پرســیاری (چــۆن یەکەمجــار فێــری جــگەرە بویــت ؟) لە ڕەگەزی نێــردا وەڵامەکــان بەم جۆرە بوون :

خشتەی ژمارە (٥)

| ئەو هۆکارانەی لە ڕێگایەوە بەشداربووانی ڕەگەزی نێر بۆیەکەمجار فێری جگەرە بوون<br>ژمارەی گشتی (٩٤ کەس) | |
|---|---|
| هاوڕێ | ٤٩ کەس (٥٢٪) |
| حەز | ٢٣ کەس (٢٤٪) |
| خێزان | ٨ کەس (٨٪) |
| تاقیکردنەوە | ٧ کەس (٧٪) |
| سترێس | ٣ کەس (٤٪) |
| ڕێکەوت | ٢ کەس (٢٪) |
| وازهێنان لە نێرگەلە | ٢ کەس (٢٪) |

لە وەڵامــی پرســیاری (چــۆن یەکەمجــار فێــری جــگەرە بویــت ؟) لە ڕەگەزی مــێ دا وەڵامەکــان بەم شێوەیە بوون :

خشتەی ژمارە (٦)

| ئەو هۆکارانەی لە ڕێگایەوە بەشداربووانی ڕەگەزی مێ بۆیەکەمجار فێری جگەرە بوون<br>ژمارەی گشتی (٤ کەس) | |
|---|---|
| حەز | ٢ کەس (٥٠٪) |
| خێزان | ١ کەس (٢٥٪) |
| هاوڕێ | ١ کەس (٢٥٪) |

لە وەڵامی پرسیاری (کاتێک کە جگەرە نەخۆی بۆ ماوەیەک ، هەست بە چی دەکەیت ؟ ( لە ڕەفتار و لە ناو لەشت )) لە ڕەگەزی نێردا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :

خشتەی ژمارە (٧)

| هەستەکانی ئەو کەسانەی جگەرە ناکێشن بۆ ماوەیەک لە ڕەگەزی نێردا<br>ژمارەی گشتی (٩٤ کەس) | |
|---|---|
| توڕەیی | ٣٠ کەس (٣٢٪) |
| ئاسایی | ٢٢ کەس (٢٣٪) |
| هەستکردن بە ونکردنی شتێک | ١٠ کەس (١١٪) |
| بێتاقەتی | ٩ کەس (١٠٪) |
| ژانە سەر | ٧ کەس (٨٪) |
| قەلەقی و خەمۆکی | ٥ کەس (٥٪) |
| پێویستی بە جگەرە | ٥ کەس (٥٪) |
| ئاسودەیی | ٤ کەس (٤٪) |
| دڵ توندی | ٢ کەس (٢٪) |

له وەڵامی پرسیاری (کاتێک کە جگەرە نەخۆی بۆ ماوەیەک ، هەست بە چی دەکەیت ؟ ( لە ڕەفتار و لە ناو لەشت)) لە ڕەگەزی مێ دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :

خشتەی ژمارە (٨)

| هەستەکانی ئەو کەسانەی جگەرە ناکێشن بۆ ماوەیەک لە ڕەگەزی مێ دا<br>ژمارەی گشتی (٤ کەس) | |
|---|---|
| ئاسایی | ٣ کەس (٧٥٪) |
| سەرئێشە | ١ کەس (٢٥٪) |

له وەڵامی پرسیاری (کاتێک کە جگەرە دەخۆیت ، هەست بە چی دەکەیت ؟ ( لە ڕەفتار و لە ناو لەشت هەردوو)) لە ڕەگەزی نێر دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :

خشتەی ژمارە (٩)

| هەستەکانی ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن لە ڕەگەزی نێردا<br>ژمارەی گشتی (٩٤ کەس) | |
|---|---|
| ئارامی | ٧٠ کەس (٧٤٪) |
| ئاسایی | ٩ کەس (١١٪) |
| خەمۆکی | ٤ کەس (٤٪) |
| ماندوویەتی و هیلاکی | ٤ کەس (٤٪) |
| سنگ ئێشان | ٢ کەس (٢٪) |
| هەناسە توندی | ١ کەس (١٪) |
| ڕزگاربوون لە خەمۆکی | ١ کەس (١٪) |
| ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێ | ١ کەس (١٪) |
| گێژبوون | ١ کەس (١٪) |
| سەرئێشە | ١ کەس (١٪) |

**لە وەڵامـــی پرســـیاری (کاتێـــک کە جـــگەرە دەخۆیـــت ، هەســـت بە چـــی دەکەیـــت ؟ ( لە ڕەفتـــار و لە ناو لەشت هەردوو)) لە ڕەگەزی مێ دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٠)**

| هەستەکانی ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن لە ڕەگەزی مێ دا<br>ژمارەی گشتی (٤ کەس) | |
|---|---|
| ئاسایی | ٣ کەس (٧٥٪) |
| گێژبوون | ١ کەس (٢٥٪) |

**لە وەڵامـــی پرســـیاری (هۆکـــاری جـــگەرە کێشـــانت چـــیە ؟) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکـــان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١١)**

| هۆکارەکانی جگەرە کێشان لەلای هەردوو ڕەگەز<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | |
|---|---|
| خوو و ڕاهاتن | ٦٩ کەس (٧٠٪) |
| خەم و خەفەت | ٢٨ کەس (٢٩٪) |
| هەردووکی | ١ کەس (١٪) |

**لە وەڵامــی پرســیاری (ئایــا خــانەوادەکەت دەزانــن کە جــگەرە دەکێشــیت ؟) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٢)**

| ئایا خانەوادە بە جگەرەکێشانی کەسەکە دەزانن لە هەردوو ڕەگەز<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | |
|---|---|
| بەڵێ | ٧٦ کەس (٧٧٪) |
| نەخێر | ٢٢ کەس (٢٣٪) |

**لە وەڵامــی پرســیاری (ئایــا ئاگاداریــت کە لەســـەر پــاکەتی جــگەرە نوســراوە (جــگەرە هۆکــاری سەرەکیە بۆ شێرپەنجەی سیەکان) ؟) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٣)**

| ئایا کەسی جگەرەکێش ئاگادارە کە لەسەر پاکەتی جگەرە نوسراوە ( جگەرە هۆکاری سەرەکیە بۆ شێرپەنجەی سیەکان )؟ لە هەردوو ڕەگەز<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | |
|---|---|
| بەڵێ | ٩٣ کەس (٩٥٪) |
| نەخێر | ٥ کەس (٥٪) |

**لە وەڵامــی پرســیاری (لە ڕۆژێکــدا بە تێکــڕا (معــدل) چەنــد جــگەرە دەکێشــیت ؟ (بە دانە)) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٤)**

| تێکڕای جگەرە کێشان لە هەردوو ڕەگەز لە یەک ڕۆژ دا<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | | | |
|---|---|---|---|
| ١-١٠ جگەرە | ١١-٢٠ جگەرە | ٢١-٣٠ جگەرە | ٣١-٤٠ جگەرە |
| ٢٨ کەس<br>٢٨٪ | ٤٢ کەس<br>٤٣٪ | ١٨ کەس<br>١٨٪ | ١٠ کەس<br>١١٪ |

**لە وەڵامــی پرســیاری (تێکــڕا (معــدل) تێچــووی ڕۆژانەت بــۆ کڕینــی جــگەرە چەنــد هەزارە ؟) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٥)**

| تێکڕای تێچووی ڕۆژانە بۆ کڕینی جگەرە لە هەردوو ڕەگەز<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥٠ بۆ ٧٥٠ دینار | ١٠٠٠ بۆ ٢٧٥٠ دینار | ٣٠٠٠ بۆ ٤٧٥٠ دینار | ٥٠٠٠ بۆ ٧٠٠٠ دینار |
| ٢١ کەس<br>٢٢٪ | ٦٠ کەس<br>٦١٪ | ١٢ کەس<br>١٢٪ | ٥ کەس<br>٥٪ |

**لە وەڵامــی پرســیاری (چ جــۆرە جــگەرەیەک دەکێشــیت؟) لە هەردوو ڕەگەز دا وەڵامەکــان بەم شێوەیە بوون :**

**خشتەی ژمارە (١٦)**

| ئەو جۆری جگەرانەی دەکێشرێت لەلای هەردوو ڕەگەز<br>ژمارەی گشتی (٩٨ کەس) | |
|---|---|
| ئیسی | ٣٦ کەس (٣٧٪) |
| مالیبۆرۆ | ٢١ کەس (٢١٪) |
| میلانۆ | ٩ کەس (٩٪) |
| سۆمەر | ٧ کەس (٧٪) |
| ڕۆزمەن | ٧ کەس (٧٪) |
| ئەلکترۆنی | ٤ کەس (٤٪) |
| وینستۆن | ٣ کەس (٣٪) |
| توتن | ٣ کەس (٣٪) |
| م.م | ٣ کەس (٣٪) |
| ناپۆلی | ٢ کەس (٢٪) |
| ڕۆیاڵس | ١ کەس (١٪) |
| ئێم تی | ١ کەس (١٪) |
| کێنت | ١ کەس (١٪) |

## شیکردنەوەی ئەنجامەکان :

لەڕووی ڕەگەزەوە ڕێــژەی بەشــداربووان لە ڕەگەزی نێــر زیــاتر بــوو وەک لە ڕەگەزی مــێ ، لە ڕووی شــێوازی ئەنجامــدانی تــوێژینەوەکە بەشــداربووانی فــۆڕمی ئەلکترۆنــی ژمارەیــان زۆرتــر بــوو لە بەشــداربووانی فــۆڕمی مەیــدانی ، لە فــۆڕمی مەیدانیــدا ژمــارەی بەشــداربوانی ڕەگەزی نێــر زیــاتر بــوو لە ڕەگەزی مــێ ، هەروەهــا ژمــارەی بەشــداربووانی خوێنــدنگای کۆســاری کــوڕان زیــاتر بــوو لە بەشــداربووانی قۆنــاغی یەکەمــی پەروەردەی فیزیــای زانکــۆی ســلێمانی ، لە فــۆڕمی ئەلکترۆنیــدا بەشــداربووانی ڕەگەزی نێــر زیــاتر بــوو لە ڕەگەزی مــێ ، لە ڕەگەزی نێــردا تەمەنــی بەشــداربووان لە نێــوان (١٥ بــۆ ٦١) ســاڵ بــوو و زۆرتــرین تەمەنــی دووبــارەبووی بەشــداربووان تێیــدا (١٦) ســاڵ بــوو ، لە ڕەگەزی مــێ دا تەمەنــی بەشــداربووان لە نێــوان (١٤ بــۆ ٦٣) ســاڵ بــوو و زۆرتــرین تەمەنــی دووبــارەبووی بەشــداربووان تێیــدا (٢٠) ســاڵ بــوو ، یەک لەســەر پێنجــی بەشــداربووان بە گشــتی جــگەرە کــێش بــوون کە دەکــاتە (٢٠٪) ، ئەم ڕێژەیەشــە کە تــوێژینەوەکەی لەســەر ئەنجــام دراوە ، لەم ڕێــژەیەش ژمــارەی جــگەرە کێشــان لەنــاو ڕەگەزی نێــردا زۆر زۆر زیــاترە لە چــاو ڕەگەزی مــێ دا ، لە ڕەگەزی مــێ دا ئەو کەســانەی جــگەرە دەکێشــن (٤) کەســن و تەمەنیــان لەنێــوان (١٩ بــۆ ٣٠) ســاڵدایە کە تەنهــا یەکێکیان تەمەنی سەروو (٢٥) ساڵە

لە ڕەگەزی نێــردا ئەو کەســانەی جــگەرە دەکێشــن (٩٤) کەســن کە زۆرینەیــان تەمەنــی لەنێــوان (١٥ بــۆ ٢٢) ســاڵدایە و کەمینەیــان لەنێــوان (٥٠ بــۆ ٥٧ ســاڵدایە) بەمانــای ئەوەی ڕێــژەی جــگەرە کێشــان لە توێژینەوەکەمانــدا زۆر بەرزە لە چینــی گەنــج و هەرزەکارەکانــدا ، زۆرینــەی ئەو کەســانەی لە ڕەگەزی نێــردا بــۆ یەکەمجــار فێــری جــگەرە کێشــان بــوون لە ڕێــگەی هــاوڕێ بــووە بەتــایبەت ئەوانەی لە تەمەنــی هەرزەکــاری و گەنجیــدان و کەمینەشــیان لە ڕێــگەی وازهێنــان لە نێــرگەلەوە دەســتیان داوەتە جــگەرە کێشــان ، وەک لە داتاکــان دا دەردەکەوێــت حەزکــردن بە جــگەرە کێشــان و هەبــوونی جگەرەکــێش لە نــاو خێزانــدا و هەبــوونی ســترێس و فشــار ڕۆڵیــان هەبــووە لەوەی بەشــداربووان بــبن بە جگەرەکــێش ، لە ڕەگەزی مــێ دا بەهــۆی حەزکردنەوە زۆرینەیان فێری جگەرەکێشان بوون و هاوڕێ و خێزانیش هۆکاری تر بوون

له ڕەگەزی نێـــردا ئەو کەســـانەی کە بــۆ مـــاوەیەک جــگەرە ناکێشـــن زۆرینەیـــان هەســـت بە تـــوڕەیی دەکەن ، کەمینەیـــان هەســـت بە دڵ تونـــدی دەکەن ، بەشـــێکیان بەلایـــانەوە ئاســـاییە ، بەشـــێکیان هەســـت دەکەن شـــتێکیان ون کـــردووە و بەشـــێکیان بێتـــاقەت دەبـــن ، هەندێکیشـــیان قەلەقـــی و خەمـــۆکی ڕووبەڕوویـــان دەبێـــتەوە و چەنـــد کەســـێکیش واهەســـت دەکەن کە پێویســـتیان بە جـــگەرە بێـــت ، بەڵام لە ڕەگەزی مـــێ دا زۆرینەیـــان هەســـتێکی ئاســـاییان هەیە و کەمیـــنەش توشـــی سەرئێشـــە دەبـــن ، لە ڕەگەزی نێـــر دا بەشـــداربووان لەکـــاتی جـــگەرە کێشـــاندا زۆرینەیـــان هەســـت بە ئـــارامی دەکەن و کەمینەیـــان هەســـت بە گێژبـــوون و سەرئێشـــە دەکەن ، تێیانـــدایە ســـودی دەروونـــی پێـــدەگەیەنێت وەک ڕزگـــاربوون لە خەمـــۆکی و دڵەڕاوکـــێ ، تیاشـــیاندایە ئـــازاری جەســـتەیی ڕوبەڕووی دەبێـــتەوە وەک مانـــدوویەتی و هیلاکـــی و ســـنگ ئێشـــان و هەناســـە تونـــدی ، بەشێکیشـــیان هەســـتێکی ئاســـایی هەیە ، لە ڕەگەزی مـــێ دا زۆرینەیـــان هەســـتێکی ئاســـاییان هەیە و کەمینەیان هەست بە گێژبوون دەکەن

هۆکـــاری ســـەرەکی جـــگەرە کێشـــان لای بەشـــداربووانی هەردوو ڕەگەز بـــریتیە لە خـــوو و ڕاهـــاتن و بەشـــێکیان بەهـــۆی خەم و خەفەتەوە جـــگەرە دەکێشـــن ، زۆریـــنەی بەشـــداربووانی هەردوو ڕەگەز خانەوادەکەیـــان ئاگـــادارن کە بەشـــداربوو جـــگەرە کێشـــە بەشـــێکی بەشـــداربووانیش بەتـــایبەتی چینـــی گەنـــج و هەرزەکـــار خانەوادەکەیـــان ئاگـــادار نـــین ، زۆریـــنەی بەشـــداربووان ئاگـــادارن کە لەســـەر پاکەتەکـــانی جـــگەرە هۆشـــیاری دراوە کە جـــگەرە هۆکـــاری ســـەرەکیە بـــۆ شـــێرپەنجەی ســـیەکان و کەمینەیـــان ئاگـــادار نـــین ، تێکـــڕای جـــگەرە کێشـــان لە نـــاو هەردوو ڕەگەز بە پـــلەی یەکەم لە ڕۆژێکـــدا (١١بـــۆ٢٠) جـــگەرە دەکێشـــن و بە پـــلەی چـــوارەم (٣١ بـــۆ ٤٠) جـــگەرە دەکێشـــن ، تێچـــووی ڕۆژانە بـــۆ کڕینـــی جـــگەرە لە هەردوو ڕەگەزدا بە پـــلەی یەکەم (١٠٠٠ بـــۆ ٢٧٥٠) دینـــارە و بە پـــلەی چـــوارەم (٥٠٠٠ بـــۆ ٧٠٠٠) دینـــارە ، ئەو جـــگەرەیەی بە پـــلەی یەکەم دەکێشـــرێت لەنـــاو بەشـــداربووانی تـــوێژینەوەکە بـــریتیە لە جـــگەرەی جـــۆری (ئیسی) و ئەوەی کەمترین دەکێشرێت بریتیە لە جۆری (ڕۆیاڵس ، ئێم تی ، کێنت)

## دەرئەنجام :

**داتاکـــان دەمـــانگەیەننە ئەو دەرئەنجـــامەی کە جگەرەکێشـــان لە کـــۆمەڵگەی کوریـــدا لە نـــاو ڕەگەزی نێـــردا زۆر زیـــاترە وەک لە ڕەگەزی مـــێ ، هۆکارەکـــانی جگەرەکێشـــانیش زۆرێـــک لە بەشـــداربووان دەیگەڕێینـــەوە بـــۆ هۆکـــاری دەروونـــی کە ناچاریـــان دەکـــات جـــگەرە بکێشـــن ، هۆکـــارە دەروونیەکـــانیش دەگەڕێـــنەوە بـــۆ شـــێوازی ژیـــانکردن و دۆخـــی دارایـــی و ئاســـتەنگەکانی ژیـــانی بەشـــداربووان ، لە فـــۆڕمی مەیدانیـــدا ڕێـــژەی جگەرەکێشـــان لە نـــاو خوێنـــدنگاکەدا زۆر زیـــاتر بـــوو لە چـــاو جگەرەکێشـــان لە نـــاو زانکـــۆ دا ، هـــاوڕێ ڕۆڵێکـــی ســـەرەکی هەبـــووە لەوەی وا لە خوێندکار بکات جگەرە بکێشێت**

**ژیـــنگەی دەوروبەری بەشـــداربوو کـــاریگەری ڕاســـتەوخۆی هەبـــووە لەســـەر زۆر یـــاخود کەم کێشـــانی جـــگەرە ، جگەرەکێشـــان لەنـــاو گەنـــج و هەرزەکارەکانـــدا زۆر بەربـــڵاو تـــرە وەک لە چـــاو گەورە و بەتەمەنەکـــان ، زۆریـــنەی بەشـــداربووان هەســـت بە زیانەکـــانی جـــگەرە کێشـــان دەکەن وەک ئـــازارە جەســـتەیی و نـــاڕەحەتیە دەروونیەکـــان بەڵام بەهـــۆی ئاڵودەبوونیـــان بە جـــگەرەوە نەیـــانتوانیوە بە ئاســـانی دەســـتبەرداری بـــبن ، لەم تـــوێژینەوەیەدا دەگەیـــنە ئەو دەرئەنجـــامەی کە کـــۆمەڵگەی کـــوردی پێویســـتی بە هۆشـــیاری زیـــاترە و پێویســـتی بە لێکـــۆڵینەوەی زیـــاترە لەســـەر جـــگەرە کێشـــان بـــۆ دەرخســـتنی ئامـــار و ڕێژەکەیـــدا کە بەتـــایبەتی لە نـــاو چینـــی خوێنـــدکاران زۆر بەربـــڵاوە و بەشـــێوەیەکی خێـــرا گەشـــەی ســـەندووە و لە ژیـــانی ڕۆژانەشـــدا ئەم حـــاڵەتە تێبینـــی دەکرێت .**

# سەرچاوە :

[1] Smith SS, Beckley T, Fiore MC. Health care provider use of guideline-based smoking cessation interventions: results from the 2003. WMJ. 2005;140:28–31.

[2] Moreno-Lopez LA, Esparza-Gomez GC, Gonzalez-Navarro A, CereroLapiedra R, González-Hernández MJ, Domínguez-Rojas V. Risk of oral cancer associated with tobacco smoking, alcohol consumption and oral hygiene: a casecontrol study in Madrid, Spain. Oral Oncol. 2000;36(2):170–174.

[3] Quinn MJ, d'Onofrio A, Moller B, et al (2003). Cancer mortality trends in the EU and acceding countries up to 2015. Ann Oncol, 14, 1148-52.

[4] *World Health Organization. Media Center.* [Last cited on 2016 Nov 13; Last accessed on 2016 Jul 14]. Available from: http://www.who.int/mediacentre/factsheets/fs339/en/

[5] Global Youth Tabacco Survey Collaborative Group. Tobacco use among youth: A cross country comparison. *Tob Control.* 2002;11:252–70.

[6] Mahmood, K., Namiq, K., Muhamad, C., Muhamad, B., Majed, K. and Fattah, H., 2017. A Descriptive Study of Colorectal Cancer in Hiwa Cancer Hospital, Sulaymaniyah, Iraq. *Science Journal of University of Zakho*, 5(3), p.244.

[7] Ghaderi, N., Mohammadi, S., Ghajari, H., Valizade, R., Yousefi, F., Taymoori, P. and Nouri, B., 2017. Predictors of smoking among the secondary high school boy students based on the health belief model. *International Journal of Preventive Medicine*, 8(1), p.24.

[8] Kassiri H, Rafiee A, Haghighizadeh MH, Kazemzadeh N. Epidemiology of cigarette smoking among male students of Ahvaz Jundishapur University of Medical Sciences, Iran. *Jundishapur J of Health Research.* 2011;2:75–84.

[9] World Health Organization (Media Center). The International Survey on Health Professionals in Tobacco. Eastern Mediterranean Region; 2005. Available at: http://www.emro.who.int/press-releases/2005. Accessed December 2015.


**[10] ShishaniK., NawaflehH., JarrahS., FroelicherE.S. Smoking patterns among Jordanian health professionals: a study about the impediments to tobacco control in Jordan. Eur J Cardiovasc Nurs. 2011; 10(4): 221–227.**

**[11] Abdulateef, D., Ali, A., Abdulateef, D. and Mohesh, M., 2016. Smoking Knowledge, Attitude, and Practices among Health Care Professionals from Sulaymaniyah City/Iraq. *Tobacco Use Insights*, 9, p.TUI.S38171.**

**[12] Mehrabi, S., Delavari, A., Moradi, G. and Alikhani, S., 2008. THE EPIDEMIOLOGIC STUDY OF SMOKING AMONG 15- TO 64-YEAR-OLD IRANIAN PEOPLE IN 2005. *Chest*, 134(4), p.152P.**

**[13] Kareem, M. and Jader, J., 2019. Prevalence of Cigarette and "Waterpipe" Smoking among "Duhok Universities" Students. *Polytechnic Journal*, 9(2), pp.63-69.**

## پاشکۆ :




### فۆرمی جگەرە کێشان

ئەکادیمیای زانستی کوردی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە توێژینەوەیەک لەسەر چەند بابەتێکی جیاواز. بەمەبەستی ئەمەش سوپاسی هاوکاریتان دەکەین بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە بە شێوەیەکی دروست و ڕاست. چونکە بەهۆی ئەم توێژینانەوە دەگەینە کۆمەڵە دەرئەنجامێک کە لە داهاتوودا لە گۆڤاری (ئەکادیمیای زانستی کوردی) بڵاو دەکرێتەوە

تەمەن:                    ڕەگەز :

- ئایا جگەرە دەکێشیت :    (بەڵێ)    (نەخێر)

تێبینی : ئەگەر نەخێرت هەڵبژارد پرسیارەکانی دواتر وەڵام مەدەرەوە

- چۆن یەکەمجار فێری جگەرە کێشان بویت ؟

- کاتێک جگەرە ناخۆیت بۆ ماوەیەک . هەست بە چی دەکەیت؟ (لە ڕەفتار و ناو لەشت هەردووکی)

- کاتێک جگەرە دەخۆیت هەست بە چی دەکەیت ؟ (لە ڕەفتار و ناو لەشت هەردووکی)

- هۆکاری جگەرە کێشانت چیە ؟

- ئایا خانەوادەکەت دەزانن کە جگەرە دەکێشیت :    (بەڵێ)    (نەخێر)

- ئایا ئاگاداریت کە لەسەر پاکەتی جگەرە نوسراوە (جگەرە هۆکاری سەرەکیە بۆ شێرپەنجەی سیەکان)

  (بەڵێ)    (نەخێر)

- لە ڕۆژێکدا بە تێکڕا (معدل) چەند جگەرە دەکێشیت ؟ (بە دانە)

- تێکڕا (معدل) تێچووی ڕۆژانەت بۆ کڕینی جگەرە چەند هەزارە ؟

- ج جۆرە جگەرەیەک دەکێشیت ؟